# كفری شاری شۆڕش و بەرخودان

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

هەر دار و دەوەن و شار و شاخێکی ئەم نیشتمانە لە توێشەبەرەکانیاندا راز و سەر بووردەیەکی مێژووییان لە خۆگرتووە ، هەر لوتکە و سەنگەرێك داستان و چەلەنگی و نەبەردیەکی مێژوویان لە دڵی خۆیاندا حەشار داوە و ماجەرایەکمان بۆ دەگێڕنەوە ، لاپەڕە و رۆژەکانی مێژوو پڕاو پڕ گەواهیدەرن بۆ ئازایەتی خۆڕاگری و بەرخودانی ئەم گەلە تێکۆشەر و کۆڵنەدەرە ، کورد ئەو نەتەوە دێرینەیە کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە خوێن و ئێسك و پروسکی ئاوێتەی خاك و خۆڵە ئەم نیشتمانە بووە ، بابزانین پیرە شارێکی وەك شاری (کفری) جگە لە عەیامەکانی تر لە رۆژی 22ی ئابدا چ سەرگوزشتەیەکی شۆڕشگێڕی و قوربانیدانی لە هەگبەکەیدا هەڵگرتووە بۆ دەنەدانی روحی تێکۆشان و شۆڕشگێڕی وەچە لە دوای وەچە و نەوە لە دوای نەوە .

لەگەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سوپای ووڵاتانی هێزی هاوپەیمانان هێرشیان هێنایە سەر ( ولاتی نێوان دوو زێ ) بە پێی ریکەوتننامەی ( سایکس بیکۆ ) کەلەنێوان نمایندەی فەرەنسا و بریتانیا هاتبووە واژۆ کردن بڕیار درا خاك و خەڵکی عێراق بەهەرسێ ویلایەتەکانی ( بەسرە و بەغداد و موسڵ ) بەشە پشکی ئینگلیزەکان بێت ، ولایەتی موسڵ سەرلەبەری خاکی باشوری کوردستانی دەگرێتەوە بووە جێگای چاوتێبڕینی داگیرکەران ، چونکە لە رووی جیوپۆلەتیکەوە شوێنێکی گرنگ و ستراتیژی بوو وە دەوڵەمەند بوو بەکانزا و سامانەسروشتیەکان .

لەو سەردەمەدا (( کفری )) سنجەقێکی سەر بە ویلایەتی شارەزووری ویلایەتی موسڵ بوو ، لە سەروەختی فەرمانڕەوای عوسمانییەکاندا (( کەمەر خانی دەلۆ )) چەند جارێك لە عوسمانیەکان راپەڕی و سەرئەنجامی ئەو راپەڕینانە بەدەستی عوسمانیەکان شەهید بوو .

ئینگلیزەکان لە سەروەختی داگیرکردنی کوردستاندا شاری ( کفری )یان کردبووە مەڵبەندێکی چەوساندنەوە و ئازاردانی خەڵکەی و سەرانە وباج و بێگارێکی زۆریان خستبووە سەر خەڵکی ناوچەکە بۆیە داد و بێدادیان بوو لە زوڵم و زۆرداری ئینگلیزەکان کە لە حەژمەتا خەڵکی سکاڵای دڵی خۆیان بردە لای ((برایم خان دەلۆ)) بۆ سەرزنشت کردن و ئامۆژگاری کردنی جێگری حاکمی سیاسی بریتانیا و دەست و پەیوەندەکانی ، چەند جارێك دەنگی نارەزای و تووڕەی خەڵکی لەلایەن برایم خانی دەلۆ بە ( سالمون )ی جێگری حاکمی سیاسی بریتانیا راگەیەندرا بەڵام بێهودە بوو ، چونکە ئەوان بۆ مژینی شیلەی گیانی خەڵکی و دزینی سەروەت و سامانی کوردستان هاتبوون بۆیە بێبەزەیانە دەهاتنە وێزەی دانیشتوانی ناوچەکە و دەستیان لە ئەوکی خەڵکی رووت و رەجاڵی کورد رۆژ لە دوای تر توندتر دەکردەوە ، کەڵکە بوونی ئەو هەموو .غەدر و ستەمانە لەلایەك و گرتنی ((شێخ مەحمودی حەفید )) بە دیلی لە شەڕی دەربەند بازیان لەلایەکی دیکەوە بووە هەوێن و فاکتەری هەڵایسان و بەرپا بوونی شۆڕش و لە ماوەی یەك هەفتەدا شارەکانی ( خانەقین و دووز و کفری ) بەرگی دیلیەتیان داماڵاند و لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە رزگارکران ، پێش بەرپا بوونی شۆڕش ( برایم خانی دەلۆ ) پەیوەندی بە ( رەفعەت سمایل بەگ داودە لە دووز و خورشید بەگ دەلۆ لە خانقین ) کرد تاکو هەریەك لە ناوچەکەی خویدا دوژمن لە خاکەکەیان دەرپەڕێنن و هاوکات فشارێك بخەنە سەر کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ ئازاد کردنی شێخ مەحمودی حەفید لە دیلیەتی و دەستبەسەری .

بەر لە (86) ساڵ لەرۆژی 22ئابدا و لە درێژەی ئەو زنجیرە شۆڕشەی کە گەلانی عێراق لەسەرانسەری عێراق دژ بەداگیرکەران بەرپا کرابوو ، ( برایم خانی دەلۆ ) سەرکردەی شۆڕش لە دەڤەری گەرمیان لەگەڵ تێکرای هۆزی (دەلۆ) و بە پاڵپشتی زۆربەی هەرە زۆری هۆزەکانی تری ناوچەکە لە دژی دەسەڵاتدارانی داگیرکەر راپەرین و شۆڕشێکیان بەرپا کرد ، لوتکەی چیای باوەشاسوار ئەو سەنگەرە قایمە بوو کە تەقەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی تێدا کرا و ترس و بیمێکی زۆری خستە دڵی داگیرکەرانەوە ، ( سالمون ) جێگری حاکمی سیاسی بریتانیای ناچارکرد خۆی بە پێی خۆی بچێتە خزمەتی برایم خانی دەلۆ ، ماڵ و دەسکەوتەکانی دنیا و پلە و پایە نەیتوانی

هەڵوێستی سازشکردن لە سەر کێشەی نەتەوایەتی و نیشتمان لەلای برایم خان دروست بکات چونکە گفت و بڵێنی رزگار کردنی شاری بە جەماوەر دابوو .

بەرەبەیانی رۆژی 22ی ئابی 1920 برایم خانی دەلۆ و هاوکارانی لە دیووی پشتەوە سەرکەوتنە سەرلوتکەی شاخی ( باوە شاسوار ) کە بەسەر شاری کفری دەڕوانێت دەستیان بەسەر مەتریلۆزی محکەمترین بنکەی ئینگلیزەکاندا گرت لەوێەوە کەوتنە گوللەباران کردنی مەرکەزی دەرەك ( پۆلیسخانە ) بەم کارەش شارەکە لە خەو راپەرین و ئافرەتان لە سەربانی ماڵەکانیانەوە هەڵهەڵەیان لێدەدا و پیاوان لە کوچە و کۆڵانان لە چاوەڕوانی ژوانی رزگار کردنی شاردا بوون ، ( سالمون ) هەر زوو کەوتە خۆ و بەشوێن هەندێك لە پیاو ماقوڵانی شاردا ناردی تاکو چارەسەرێك بۆ خامۆش و دامرکاندنەوەی شۆڕش بدۆزنەوە و لەگەڵیدا سەردانی برایم خان بکەن ، بەڵکو دەست لە شۆڕش هەڵگرێت هەرچەندە ئامۆژگاری سالمون کرا هەنگاوی لەو بابەتە نەهاوێژێت بەڵام بێهودە بوو، سەرئەنجام سالمون بەدیلی گیراو شار لە چەکمەی داگیرکەران رزگار کرا و حکومەتیکی کاتی بەسەرۆکایەتی برایم خان دامەزرا و کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە ( ئەکبر خان و وەیسی بەگی دەلۆ و حەمید عبدالرحمن کارێزی و حەمەجانی رۆغزایی و حاجی محەمەد تەرخانی و کاکەمەند ئەمین درویش ) ، داموو دەزگاکانی بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیان وەکو شارەوانی و پۆلیس و دارایی و خۆراکی خەڵکی و ...هتد رێکخرایەوە و ئالۆ وێرکردن بەرووپێەی هندی لە بازاڕدا قەدەغە کراو بە شێوەکی کاتی دراوی عوسمانی بە گڕ خرایەوە و ئەو دانەوێڵە و خۆراکانەی کە لە کۆگاندا هەبوون و دەست بەسەریاندا گیرا بوو بەپێی ژمارەی خێزان بەبەلاش و یەکسان بەسەر هاووڵاتیاندا دابشکرا .

دوای ئەوەی کە ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت کە بەهێز و لولەی تفەنگ ناتوانن زاڵ بن و سەرکەوتن مسۆگەر بکەن بۆیە ناچار بوون زمانی گفتوو دانوسان دەست پێبەکەن ، کە پاش ئەوەی لە رێگای دانووسانەکانەوە داگیرکەران ئەو راستیەیان لەلا ئاشکرا بوو کە ئەم شۆڕشە رەهەند و ئامانجێکی نەتەوایەتی هەیە چونکە یەکەم داوایان ئازاد کردنی شێخ مەحمود بوو بۆیە ناچار بوون هەموو هێزەکانی خۆیان لە کەرکوك ناوچەکانی تر کۆ بکەنەوە تاکو ئەو شۆڕشە سەرکوت بکەن ، پاش ئەوەی کە شاری کفری ماوەیەك لەلایەن شۆرشگێڕانەوە بەڕێوەدەبرا لە ئاکامی ئەو هێرشە فراوان و بەربڵاوە لە دواوی بەرگریەکی قارەمانانە کە چەندین شەهید گیانی خۆیان پێشکەش بە رێگا و کاروانی سەرفەرازی نەتەوەکەیان کرد ، داگیرکەران جارێکی تر شاری کفریان خستوە ژێر رکێف و دەسەڵاتی خۆیانەوە و رقی خۆیان بە خەڵکی ناوچەکە رشت .

22ئابی 1963 لەسەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا ئەو دەمە بوو کە شۆڕش تەواوی کوردستانی تەنیبووەوە بۆیە رژێمی فەرمانڕەوای ئەو کاتەی عێراق بڕیاریدا ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان داگیر بکاتەوە و هێرشێکی فراوانی دەست پێکرد ، لە دووری چەند کیلۆمەترێك لە باکوری کفری رووبەرووی بەرەنگاری و فیداکاری پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکان بوونەوە کە لە مێژووی ناوچەکەدا بە ( شەڕی قاتەکانی کفری ) دەناسرێت ، رژێم تەواوی چەکەکانی خۆی لەو شەڕەدا بەکار هێن بەڵام نەیتوانی بستێك بەرەو پێش ببزوێ ،پێشمەرگەکان بڕیاریاندا بوو زنجیری دەبابەکان بەسەر تەرمی ئەواندا بەرەو پێش مل بنێت بۆیە دوا فیشەکی خۆیان لە داگیرکەراندا خاڵی کردەووە و زیانیکی گورچك بڕیان بەرژێم گەیاند بەڵام بە خوێنی (28) شەهید ئەو نەبەردیە تۆمار کرا کە تاکو ئێستاش هەموو تەرمەکانیان لە دوو گۆڕی بە کۆمەڵدایە ، کەلەلایەن لقی 15 گەرمیانی پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە هەوڵ بەردەوامە تاکو شوێنێکی شایسە بۆ مەزاری ئەو شەهیدانە دروست بکرێت .